www.kurdistannet.org

نـامـەی دایكێكـی زینـدانـی

ئـاسـۆ بیـارەیـی

بەڕێزان !

من بەناوی دایكانەوە ئەم نامەیە ڕەوانەدەكەم ..ئەگەرچی دەترسم ووشەكانم وەكو خوێنی ناو و گوند و مروڤی نیشتیمانەكەم وونبن وكەس لایان لێنەكاتەوە..

لەم نامەیەدا دوو بیرەوەریتان بۆ دەنووسم:

١ـ ئەو ڕوژەی كەبۆ دواجار برا پێشمەرگەكان لەدوای زنجیرەشەڕێكی ئازایانە لەگوندی (قلیجان)ی گەرمیان كشانەوە ، ئێمە بـــەگـــەورەو بچـــوكـــەوە هـــەستمـــان بـــەچـــارەنـــووســـی نـــادیـــاری خـــۆمـــانكـــرد. ئـــەنجـــام واش بـــوو. سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی سوپای ئەنفال هێنەر بەخەستی ناوچەكەی بوردومان دەكرد و گوللە توپ و كاتیوشا گوندەكەی لەدووكەڵ ووندەكرد ، هەمووما ن (كەچەندخێزانێ بووین لە كەندرێكی خوار ئاوایی خۆمان حەشاردابوو) لەسیمای یەكتر زۆر شتمان دەخوێندەوە و دەمان ووت : بریا ئێمەش وەك فلان شەهیدبووینایە ، خوایە ! هەر لەناوچەی (داوێ) بۆ ئێمەشت نەكوشت.؟ چـەند منداڵی كـەفریـایـی ئـەوە نـەكـەتبـوون دایـك و بـابیـان بیـان شـارێتـەوە ، كـەوتنـە بـەر گـوللـە و كـوژران.. بەڵێ چونی دەگێرمەوە وایە..كاتێ سوپای پرلەقینی كلاوسەوزان هاتنە ناو گوندەكە ، وێنەی گورگی هار منداڵەكانیان وەكو گونیە خۆڵ فرێدەدایە ناو ئیڤاكانەوە.ئەوكەسەشی سەرپێچی دەكرد دەكوژرا..جاشەكوردەكان لەوان خراپتر..یەكێكیان هاواری دەكـــرد ســـەیـــدی وازم لێبێنـــن بـــا هـــەقـــی(بـــراكـــەم) بسێنـــم كـــەبـــەدەســـت (پێشمـــەشكـــە) لـــەقـــەرەداغ كـــوژرا. دەست بەجێ ژن و پیاویان جیاكردووەوە و لەزیلی عەسكەریدا قایمیان كردین.پاش چەندروژێ لە (نوگرە سەلمان) خۆماندیتەوە.

٢ـچەند ڕۆژێ لـەمـەوبـەر(كوردۆ)ی كورم لـەبـاوەش گـرتبوو وخـەریك بوو سـەریم پـاكـدەكـردەوە،دایكـانـی تـریـش هـەریـەكـە بەمنداڵەكەی خۆیەوە خەریك بوو..لەپڕ قیژەی ژن و منداڵان لەدەرەوە زیندان كەوتە بەرگوێ.بێدەنگی ڕوژی حەشر باڵی كشا بەسەر هەمووماندا.گوێیی خۆمم شلكرد بەلام بەباشی تێنەئەگەیشتم.دیاربوو دانیشتووی بادینان بوون..دەنگێكی تریش لەناو دەنگەكاندا ڕایچلەكاندم و هاواری ژنێك بوو :كورپەكەم مەدەن بەسەگ هێشتا نەمردوە!.پاسەوانی زیندانەكەكان ئەوەی نـەخـۆشبـوایـە ئـەیـانكـردە خـۆراكـی سـەگـەكـان كـەلـەودیـوی تـەلـە دركـاویـەكـەوە چـاوەڕێـی لاشـەیـان دەكـرد. ڕوداوەكە هێندەكاریگەر بوو كەكاری كردە سەرهەموومان..ویستم بگریم ، بەلام دەمێك بوو سەرچاوەی گریانم ووشكی كردبوو ،تەنها شەختەی خەمەكانمی ئەستوورتركرد.

بەڕێزان !

ئەگەر ئازاری زیندانەكەمتان بۆ باسبكەم لەوانەیە بەرگەی خەمی یەك ساتی دژواری ئەنفال نەگرن.بەلام دڵنیاتان دەكەم كە سەرەڕای مەرگی لەبەرچاو ، ئاسۆی هیوامان چاوی لەهەڵەتی شێرانەی ئێوەیە .لەوكاتەدا كەگوێمان لە تەپەی پێی پاسەوانەكانە، فرمێسكەكانمان دەسرین و ئازارەكانمان دەشارینەوە و بروامان بەوەیە كەڕوژێ دێت بگەڕینەوە بۆ خاكی خۆمان.

تكـام وایـە ئێـوەش ئێمـە لـەبیـرنـەكـەن..دایـك و خـوشـك و كـورپـەكـانتـان لـەم بیـابـانـە بـی فـەڕەدا دیـلی داگیـركـەرن.

دایكی نەنفالكراوتان

٢٢ـ١١ـ١٩٨٨ نوگرەسەلمان

---

تێبینی: ئەم نامەیە لەگۆڤاری پێشەنگ ژمارە ١٨ ساڵی ١٩٨٩ بڵاوكراوەتەوە لەژێر ناوی خوازراو(دایكی كوردۆ).

پێشمەشكە: كوردفرۆشەكانی لای ڕژێم بەپێشمەرگەیان دەووت پێشمەشكە.

ناوەرۆكی ئەم نامەیەم لەسەر نامەی دایكێكی ناو زیندانی نوگرەسەلمان نووسیوەتەوە كە ئەودایكە لەسەر پارچە پەڕۆیەك نووسیبووی بۆ خزمەكانی ساڵی ١٩٨٨ .